
# كش لە پۆتین

دیدار مەسیفی
dmasifi289@yahoo.ca



بۆ کاسباڕۆڤ گۆرەپانی پۆشکین هیچی لە چوار گۆشە رەش و سپییەکانی تەختەی شەترەنج ناچێت. چونکە ئەو بەر لەوەی داشەکانی بجولێنێت و شا بگرێت لە پشتەوە پۆلیس دەگەنە سەری زوو قۆڵبەستی دەکەن. گرتنی کەسێکی ناوداری وەک کاسباڕۆڤ ئەوەندە بابەتێکی وروژێنەر نیە بۆ خوێنەری کورد بەتایبەت کاتێک دەبینێت وا تازە لە گۆرەپانێکی پڕ لە تۆز و خۆڵی ئەودا کچێکی بێدەسەڵات تا مەرگ بەردباران دەکرێت. هەروەها جیا لە ئەوەش کاسپارۆڤ بە چاک و بە خراپ رۆژێک یارییێکی لەگەڵ کوردێکدا نەکردووە تا ئێمەی بە جۆرێک قەڵس کردبێت کە خوێنمان لە پڕ فوارە بکات و رقمان لە پۆتین هەڵبستێت. بەڵام ئەوەی ناوی کاسپارۆڤی کەمێک لە یادەوەری ئێمەدا جێکردۆتەوە ئەوەیە کە ئەویش سەر بە نەتەوەیەکی ستەم دیدەیە. ئەرەمەن بۆ گەلێک لە ئێمە تاکە رەچەلەکی ئەو یاریزانە بیست ساڵیە بوو کە لە شەترەنجدا تاوەکو ئێستا هاوشانی نەبووە. بەڵام ئەوە جۆرە سەیرکردنە بۆ رەگەزنامە و تایبەتمەندنی ژیانی کەسانی ناودار و بێناو بۆ گەلێک کەس بەم شێوەیە نیە. هەروەها زۆر کەس لە ئیمە کاراترە و بە جۆرێکی رەگەزپەرستر کەسەکان هەڵدەسەنگێنێت و ناسنامەیان بۆ دەست نیشان دەکات.

ئەو کەسانە سەر بە خەڵکانێکی بێکار و داخ لە دڵن بەرامبەر هەر رەگەز و قەومێک کە بۆنی خۆیانی لێنێت. بۆیە هەر کە کاسپارۆڤ دەست لەسەر داشەکانی شەترەنج هەڵدەگرێت و دەیانخاتە دەست سیاسەت، زۆر بەپەلە هەندێک کەس وەک ئەوەی نهێنییێکی گەورەیان ئاشکرا کردبێت دەچن ناسنامەی کاسپارۆڤ لە رِەگەوە دەردێنن و ئافەرین لە پۆتینی پۆتین دەکەن کە سەری ئەو جولەکەیان بۆ پان بکاتەوە.

جوو بوون وەک مەسیحی بوون، ئیسلامی بوون و هەر شتێکی تر بوون بڤە و گوناهی گەورە نیە، هەرچەندە کاسپارۆڤ لە تەواوی ژیانیدا خۆی بە کوری دایکە ئەرمەنیەکەی زانیوە و ناوی ئەوی هەڵگرتووە. هەروەها ئەو ئەوندەی شەترەنج و مارکسیزم و ئەرمەنی بوون مێشکیان پڕ و جەنجال کردبوو بە چارەکی ئەوە پەیوەست بوونی نەبووە بە وێنەی باوکێک کە بۆ دوا جار کۆچ دەکات و ئەو وەک هەتیوێکی حەفت ساڵان جێدەهێڵێت. کاسپارۆڤ لە باکۆ لە دایک بووە، بەڵام ئەو تا کاتێک ناسنامەی ئەو شارەی هەڵگرتووە کە باکۆ شارێکی فرە نەتەوە بووە و ناگۆرنۆ کەرەباغیش نە کەوتۆتە ناو ئاگری شەڕ.

کاسپارۆڤ دەگاتە لوتکەی شەترەنج، بەڵآم وولاتەکەی وەک گەمەیەکی دۆڕاو زۆر بە خراپی هەڵدەوەشی و چێگا بۆ شەڕێکی گەرم خۆش دەکات کە وەک مێوانێکی رەزاقورس بچێت لە دەرگای

گشت میللەتان بدات. پێشهاتەکان وا دەکەن هەر شتێک بۆنی رۆژهەڵآتی لێبێت بەرامبەر رۆژئاوا ببەزێت و بگرە ئەویش لە دوا یاری لەگەڵ دیپ بلودا ناچار دەبێت واز لە شەترەنج بهێنێت و ناراستەوخۆ بانگەشە بۆ ئەو کۆمپیوتەرە بکات کە کۆمپانیای *ئای بی ئێم* تایبەت بۆ هەرەس پێهێنانی ئەو دروستی کردبوو.

دواتر کاسپارۆڤ ماڵێک لە نیویۆرک دەکرێت و منداڵەکانی لە ئەمریکا دەخاتە بەر خوێندن، پاشان هەموو هێز و توانایی خۆی پێشکەش بە سیاسەت دەکات و هەوڵ دەدات لە داهاتوو تۆڵەی هەموو شکستەکان بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە کاسپارۆڤ پارتێکی سیاسی دروست دەکات و لەگەڵ کۆمەڵێک پارت و رێکخراوی سیاسی دیکەدا بەهێزترین ئیئتلاف دژ بە گەندەڵ بوونی پۆتین دروست دەکەن.

دوا ووشە، کاسپارۆڤ لە کاتێکدا دەستگیر دەکرێت کە هێشتا دوینا پرِیەتی لە کەسانێک کە دڵرەقی ستالین و پۆتینیان لا خۆشەویسترە لە دانایی و بیر تیژی کەسانی وەک ئەو. بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەم بارەی کە ئەو نوسینەی دروست کردووە بە جۆرێک هەڵبسەنگێنین کە دوور بێت لە ئاین و سیاسەت و رەگەزپەرستی. دەبێت پۆتین و کاسپارۆڤ بە شێوەیەک بەراورد بکەین و بزانین کەوا کامیان بۆ حوکم کردنی خەڵک باشترە. ئایا یەکێک کە تایکۆندۆزان و بۆکس وەشێنێکی کارا بێت و ماوەیەکی درێژی تەمەنی لە پۆستی موخابەراتی بەسەر بردبێت، یان یەکێکی تر کە لەوەتەی هەیە جۆرەها ستراتیژ لە سەر خانەکانی شەترەنج دادەرِێژێت و شەرِێکی بەرپا کردووە کە ئەبەد خوێنی کەسی تێدا نارِژێت!

15/06/07